

**مەریوان سەفائەدین و (( ناوچەی سیروان و هەڵەبجەی شەهید )) .**

## هەندێ لەو ئاوازانەی ئەو ناوچەیە

## ١-ئاوازی : هەی یاران یاران :

هەی یاران یاران دوس یاران بەی دێ
جا یەنەو نازاران نیشانـــــم دەی دێ
یەنەو نازاران نیشانـــــــــم دەی دێ

## نۆتەکەی :

# Hey yaran yaran




## سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سی بیمۆڵ . سی سروشتی ، دۆی سروشتی . ڕێ# )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی لە پلەدەنگی سی ناتورەوە دەست پێ ئەکا کە بریتییە لە (( سی ناتور . دۆ ناتور . ڕێ دێز ، چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات )) ، ئەم میانەدەنگیانە تەنها لە سەرپلەی پێنج هەمی پەیژەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) بەدەست دێن کە ناوی حیجاز کار یان شانازە .

## نموونەی سکێڵەکەی :




## ڕیتمەکەی :



٢- سەیلە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەی سەیلە وە سەیلە وە سەیلە وە  سەیلەی باوانم

جا داینی ڕانەکە و باوانم سەر بخەمە بانی

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سی ، دۆ# ، ڕی# ..لە پلە نزمەکانیسا پلە دەنگی فا# ی بەر ئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە پلە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی . دۆ# . ڕێ# ..پلەی چوارەمی بەرناکەوێ )) بەڵام هەر بەو سێ پلەیە بۆمان دەرئەکەوێ کە ، چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) ە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٣– ئاوازی (( باوە )) . ئەم ئاوازە لە ساتی گوێزاندنەوەی بوکدا وتراوە .

نموونەی تێکستەکەی :

ئەسپی بوکمان رەقە ناڵە
دایکی بوک بمرێ چەن مناڵە
هەی باوە باوە باوە
شاییەو موبارەک باوە

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) .. بەپێی چێژی ئاوازەکە هەر چوارینەی یەکەمیەتی . کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی گەورەی دوەمی ڕۆژهەلاتی (( ڕاست )) ، ونازناوی بەیاتی هەیە ، بەلام جۆری بەیاتەکەی دەست نیشان ناکرێ لە بەر ئەوەی چوارینەی دوەمی تیانییە.

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



**تێبینی:**

**بەڵام لەهەندێ شوێنی هەمان ناوچە وەکۆ ئاوازێکی سەرپلە دەنگی سێ هەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (فا ماجۆر) کاری لەگەڵ ئەکەن،کە ناز ناوی پەیژەی (لا فریجی – کورد)ی هەیە.**

**نۆتەکەی:**






**تیپی مۆسیقای سلەیمانی ٢٠٠٧**

**٤- ئەی خاوەر .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئەی خاوەر خاوەر خاوەر شەکرەو لەپێی سەماوەر**
**پێشکەشی باڵای تۆبێت شۆشمێ و نەوسو و دزاوەر**
**ئەرێ ئەو ماڵەی هەمە ئامان نەزری ئەڵلا بێ**
**ئەرێ بەڵکو کۆچەکەت ڕوو لە قەڵا بێ**

**نۆتەکەی :**

**Ay xawer**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سێکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ .... لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی سۆڵی بەرئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سێکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ .پلەی چوارەمی تیانییە .)) بەڵام بەوجۆرەش ئەوچوارینە دەنگییە چوزرینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ولە سەرپلەدەنگی سۆڵ بنیات نراوە ، کە پلەی سێیەمی پلەدەنگی سیکاربیمۆڵە ونازناوی سێگای هەیە ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دووەمی نییە دەستنیشانی جۆری سێگاکەی ناکرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٥- ئەمان لەیل و لەیل .

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئەمان لەیل و لەیل لەیلا گیان لەیل هاتە باوان**
**بەزمانی شیرین لەیلاگیان کۆرپەی ئـــــەلاوان**
**وەبەرزی بالآت لەیلا گیان گوڵم کردوە تـــۆو**
**جەژنم لێ شێویا لە لەیلاگیان لەدوور بالآکەو**

**نۆتەکەی :**

## Aman leyl w leyl




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگی یەکانی بریتیین لە (( لا ، سیکاربیمۆڵ . دۆ . )) چوارینەیەکی دەنگی تەواوناکات ، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ، کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لەبەرئەوەی چوارینەی دووەمی تیانییە جۆری چوارینەکەی دەستنیشان ناکرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٦- ئای لەمن .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئای لەمن وای لەمن ئەوگوڵە وەتیر دای لەمن

ڕانەکەم ڕای دا ڕۆی بندار وەبن دار لەمـــــــن

ئەرێ تاکەی دانیشم گیان دەی دەی گیان دەی دەی گیان دەی دەی ئەرێ ئەرێ لەسای دەریـبی

ئەرێ تاکەی بکێشم گیان دەی دەی گیان دەی دەی ئەرێ دەردی غەریــبی

ئەرێ تاکەی بکێشم گیان دەی دەی ئەرێ دەردی غەریـــــــــــبی

**نۆتەکەی :**

### Ai lemn



**سکێڵەکەی :**

**پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا. سیبیمۆڵ. دۆ# . ڕێ – لە پلە نزمەکانیشدا پلەدەنگی فا ناتوری بەرئەکەوێ . )) هەرخۆی چوارینەیەکی دەنگییە و لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدروست کراوی سەر پلی پێنجەمی ماژۆرهارمۆنی بەدەست دێت کە نازناوی شاناز یان حیجازکار وەرئەگرێت.**

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ریتمەکەی :**





**٧– سەوزە .**

**نموونەیتێکستەکەی :**

**ئای سەوزە سەوزە ئامان سەوزەکەی ماڵم**
**نەخۆش نەکەوی ئامان سەوزە نەشکێنی دەی وەی وەی باڵم**
**یاعەبابەیلێ ئامان سەوزە ماڵ وەبەرزەوە**
**یارم نەکوژی ئامان سەوزە بەدەم لەرزەوە**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سی . دۆ# . ڕێ# . لە پلەنزمەکانیشدا پلەدەنگی فا# ی بەرئەکەوێ، بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتیین لە هەمان پلەدەنگی ، سی . دۆ# . ڕێ# . کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ە . لە بەرئەوەی چوارینەی دووەمی تیانییە جۆری عەجەمەکەی دەستنیشان ناکرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**



ڕیتمەکەی :





٨- نازیلێ .

نموونەی تێکستەکەی :

نازیلێ و باڵەبەرزە چمکی کراسی لە عــەرزە
ناوێرم تێرسەیری کەم دڵم دێنێتە لـــــەرزە
ئەرێ ئەوەندە جوانی لەناو یارانا دیـــــاری
ئەرێ هەڵ کە کەواکەو چەنێ ناسک ونازداری

نۆتەکەی :

**Nazily**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( لا . سی . دۆ . ڕێ . می )) بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتیەلە (( دۆ . ڕێ . می . پلەدەنگی چوارەمی تیا نیە . )) ئەم چوارینەیە لەپێک هاتەی چوارینەی یەکەمی پەیژە گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ە . لە سەرپلەدەنگی دۆ بنیات نرابێ .

نمونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





**سەلاح ڕەوف**

/http://www.salah-raouf.tk